# خەیاڵی کۆمەڵناسی

ڕایت میللز
لە ئینگلیزییەوە: پ. ی. د. حیکمەت نامیق
(کۆلێژی پەروەردەی مەخموور)
( ٢- ٢ )

٤

لە هەموو سەردەمێکی فیکریدا تاکە شێوازێکی فیکری دیاریکراو مەیلی ئەوەی هەیە ببێتە خاڵی هاوبەشی ژیانی کولتووری، هەر لەم سەردەمەدا، هەندێ خولیا و ئارەزووی فیکری بۆ ماوەیەکی کورتخایەن سەرنجی جەماوەر بەلای خۆیاندا ڕاکێشن و دەبنە مۆدێل، دواتر هەر پاش یەک دووساڵ خولیا و ئارەزووی دیکەی فیکری شوێنیان دەگرنەوە. ڕەنگە ئەم جۆرە جۆشوخرۆشییە تامێکی فۆلکلۆریی زیندوو بخەنە سەر شانۆی کولتوورەکان، بەڵام هیچ شوێن پێیەکی فیکری بەدوای خۆیدا جێ ناهێڵێ.

ناکرێ ئەم شێوازە لەسەر میتۆدێکی دیاریکراوی بیرکردنەوە بەجێ بهێنرێت، بۆ نموونە لەگەڵ (فیزیای نیوتن و بایۆلۆژیای داروین) کۆک نییە، هەریەکە لەم بیرۆکە جیهانییانە کاریگەرییەکی دوورمەودا و بێ وێنەیان لەبواری تایبەت و وێنەدا هەبوو. هەر لەم سۆنگەیەوە زانا نەناسراوەکان و شرۆڤەکارانی مۆدێرن هەمدیسان بەگرنگییەوە تەوەری کارەکانیان گێڕانەوە و دووبارە دارشتنەوەی کێشەکانە بە ڕێگەی نوێ. لە دنیای مۆدێرنەدا فیزیا و بایۆلۆژیا خاڵی هاوبەشیان هەیە، هەم بۆ بیرۆکە تازەکان، هەم بۆ میتافیزیکیا باوەکان. لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا، ڕێبازی مەیدانی ئەزموونگەری پەسەندترە و جێگەی ڕەزامەندی میتۆدی زانستییە، هەروەها بە سەرچاوەی

سەقامگیری زانستی دادەنرێت، ئەمەش تاکە واتای خاڵی هاوبەشی فیکرییە کە تێیدا خەڵک دەتوانێ ئەوپەڕی بەرگری لە باوەڕەکانی بکات، ڕەنگە زمان و ستایلی دیکەی بیرکردنەوە، بۆ دوورکەوتنەوە و نادیاری تەنیا ئامرازێک بن. زاڵبوون و هەژموونی ئەو خاڵە هاوبەشانەی کە لەنێو فیکردا هەن، واتای ئەوە نییە ستایلی دیکەی بیرکردنەوە و ڕێگەی تری هەستکردن نییە، بەڵکوو بەرژەوەندییە فیکرییەکان بە شێوەی گشتی زیاتر لەم بوارەدا بەرەو پێشەوە دەچن. بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕوون لەم بوارەدا دابیرێژین و دەسنیشانی بکەین، ئەگەر نەبووە هۆی چارەسەری هەندێ کێشە، ئەوە بەلایەنی کەمەوە ئامرازێکی سوودبەخش دەبێت.

پێم وایە خەیاڵی کۆمەڵناسی لە ژیانی کولتووریماندا بە خاڵی هاوبەشی سەرەکی دادەنرێت، هەروەها تایبەتمەندییەکی دیاری خۆی هەیە، سەرباری ئەوەی ئەو تایبەتمەندییە هزرییە لەنێو زانستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکاندا بوونی هەیە، بەڵام ئێستا بە ئەندازەیەکی زۆر ئەم زانستانەی تێپەڕاندووە، زۆر لە تاک و گرووپەکان لە بواری کولتووریدا درەنگ دەستیان پێ دەگات، تەنانەت زۆر لە زاناکانی کۆمەڵناسیش بەتەواوی شارەزای ئەو زانستە نین، هەروەها پێدەچێ ئاگاداری ئەوە نەبن کە بەکارهێنانی ئەو جۆرە خەیاڵانە مەرجی بنەڕەتییە بۆ باشتر ئەنجامدانی ئەو کارەی ڕەنگە بیکەن، هەروەها بەبێ پەرەپێدان و بەکارهێنانی ئەستەمە ئەو ئەرکە کولتوورییە گشتییەی کە پێیان سپێرراوە، بەدی بهێنرێت، کە ڕەگوڕیشەی لە نەریتە کلاسیکییەکان و پسپۆری زانستە کۆمەڵایەتییەکاندایە.

لە هەمان کاتدا ئەو سیفەتانەی کە لە خەیاڵی کۆمەڵناسیدا هەن، چی بەواتا ئەخلاقییەکان و چی لە ڕووی پێوەندی لەگەڵ زانینی ڕاستییەکانی واقیعی کۆمەڵایەتیدا، بەردەوام لە کاری ئەدەبی و شیکاری سیاسیدا گرنگی پێ دەدرێت و کاری بۆ دەکرێت، ئەم سیفەتانە بە هەمەچەشنترین شێوە دەگۆڕرێن و دەبنە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی چالاکیی فیکری و لێکدانەوەی پرۆسەکان لە بواری ڕۆشنبیریدا.

کاتێک ڕەخنەگرانی پێشەنگی ئەدەبی، لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی جددی، کارەکانی هەردووکیان هەڵدەسەنگێنن، نموونەی ئەمە دەخەنە ڕوو. ڕەخنەی جەماوەری چ بەرز و مامناوەند و نزم بێت، لانی کەم ئێستا، بە یەکسانی لە کایە کۆمەڵناسی و جوانکارییەکاندا بەکاردەهێنرێت، هەروەها ڕۆماننووسەکان کتێبە جددییەکانیان بەربڵاوترین چەمکەکانی واقیعی مرۆڤی تێدا بەرجەستە دەکەن، بە زۆری خەیاڵێکی کۆمەڵناسییان هەیە و بەشداری لە بڵاوکردنەوەیدا دەکەن. لە ڕێگەی ئەم خەیاڵە کۆمەڵناسییەوە ڕێگەچارەی ئێستا و مێژوو دەکرێت، هەرکاتێک وێنەی (سروشتی مرۆڤ) زیاتر دژوار بوو ئەوە لە بەرانبەردا هەستی گرنگیدانی زیاتر بە خەیاڵ لە بواری ڕۆتینی کۆمەڵایەتی، ئەو گۆڕانکارییە کارەساتبارانەی کە لە سەردەمی نائارامی کۆمەڵایەتی و ململانێی ئایدیۆلۆژیی ئێمەدا سروشتی مرۆڤ ئاشکرا دەکەن و (لە قاڵب دەدەن) و زۆرتر و گەورەتر دەبێت، هەرچەندە مۆدە لە خواستی پەیڕەوکردنیدا دەردەکەوێت، بەڵام خەیاڵی کۆمەڵناسی تەنیا مۆدە نییە، بەڵکوو عەقڵێکی کواڵێتییە، ڕەنگە بەڵێنێکی دراماتیکی پێدابین لەبەرانبەر تێگەیشتنی ئەو پێوەندییە گەرموگوڕەی کە لەنێو واقیعی کەسایەتیی خۆماندا هەیە، لەگەڵ واقیعی فراوانی کۆمەڵگەدا، هەروەها سیفەتێکی عەقڵی پاک نییە لەنێو کۆمەڵێک هەستی کولتووری تازەدا، بەڵکوو بەڵێن دەداتە هەموو جۆرەکانی هەستی مرۆڤایەتی.

ڕاستییەکەی خودی عەقڵی مرۆڤ لە کاروباری

مرۆڤایەتیدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. گرنگیی کولتووری فیزیا، کە کۆنترین خاڵی هاوبەشە زیاتر دەخرێتە ژێر پرسیار و گومانەوە. زۆر کەس دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە زانستی فیزیایی وەک شێوازێکی چالاکیی فیکری بە جۆرێک لە جۆرەکان خەریکە کەموکووڕ و ناتەواو دەبێت. سەرباری شێوازە زانستییە نادروستەکەی لەبواری فیکر و خەیاڵ و هەستەوە، هەر لە سەرەتاوە ئەو پرسە ڕووبەڕووی گومانی ئایینی و مشتومڕی لاهووتییەکان بووەوە، بەڵام باوباپیرانمان توانییان لە ڕووی زانستییەوە بەسەر ئەو گومانە ئایینیانەدا زاڵبن. هەستە گوماناوییەکانی ئێستا، عەلمانی و مرۆڤدۆستانەیە، کەچی زۆرجار جەوهەری بابەتەکە دەشێوێنرێت و پڕیەتی لە نادیاری و تەمومژی. پەرەسەندنەکانی ئەم دواییانە لەبواری فیزیاناسیدا گەیشتە لووتکەی گەشەسەندنی تەکنۆلۆژی و بەرهەمهێنانی بۆمبی هایدرۆجینی و ئامرازی گەیاندن بۆ هەسارەکان، هەموو ئەمانەش بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک کە لەنێو بازنە فیکرییەکان و کولتووری گشتیدا باوە، هیچیان لێ نەکەوتەوە.

دید و ڕوانینی دروستی ئەو پەرەسەندنانە لەلایەک بەرهەمی گەڕان و لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند و پسپۆڕانە، لەلایەکی دیکەوە بەرەنجامی هەستی سەرسوڕمانە بەهۆی تێنەگەیشتن و ناڕوونییەوە، ئەم جۆرە پەرەسەندنانە نەک هەر نەیانتوانی کێشە جیهانییەکانی سەردەم چارەسەربکەن، بەڵکوو کێشەی نوێتریان خستووەتە ڕوو، چی لە ڕووی فیکری و چی لە ڕووی ئەخلاقییەوە، هەموو ئەو کێشانەی بە شێوەیەکی گشتی کە دروستبوون، زیاتر پێوەندییان بە کایەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، نەک بە زانستی سروشتی. ئەو کەسانەی کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا دەژین، تێدەگەن زاڵبوون بەسەر سروشتدا، یان زاڵبوون بەسەر برسێتی و سەرما و هەژاریدا، بەشێوەی دروست بەدی هاتووە، بەڵام ئێستا لەنێویاندا ئەو قەناعەتە بەهێزتر دەبێت، کە زانست وەک ئامرازی سەرەکی زاڵبوون بەسەر سروشتدا، هەڵسوکەوتی خۆی لەدەست داوە و ئامانجەکانی ڕوون نین، پێویستی بە دووبارە هەڵسەنگاندنەوە هەیە.

بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو بەها مۆدێرنەی کە بە زانست دەبەخشرا، تەنیا گریمانە بوو، بەڵام ڕوحی تەکنۆلۆژی و جۆری خەیاڵی ئەندازیاری بەزانستەوە پەیوەستن، ئێستا خەریکە دەبنە سەرچاوەی ترس و نادیاری لەبەرانبەر خواست و گەشەکردندا. بێگومان زانست تەنیا لە تەکنۆلۆژیادا سنووردار نییە، بەڵام ترسێک هەیە لەوەی کە ڕەنگە بە تەواوی بەوەوە سنووردار بێت، پێویستی درککردنی دووبارە هەڵسەنگاندنی فیزیاناسی هەستکردنێکە ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەوە هەیە تا چەند پێویستمان بە خاڵی هاوبەشی نوێیە. گرنگییە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکەی زانست و پرسی سەربازی و بازرگانی و گرنگی سیاسی، کۆمەڵێک پرسن ملکەچی دووبارە هەڵسەنگاندن و نرخاندنی دیاریکراو نابنەوە، ڕەنگە پێشڤەچوونە زانستییەکان لەبواری پڕچەککردندا ببێتە هۆی (پێویستی)، یان دووبارە ڕێکخستنەوەی سیاسەتی جیهانی، بەڵام (پێویستییەکی) لەو شێوەیە ناتوانرێت تەنیا بە فیزیا و زانستە سروشتییەکان بەدی بهێنرێت.

زۆر لەوانەی کە سەردەمانێک بە (زانست) دادەنران، ئێستا وەک فەلسەفەیەکی گوماناوی دەردەکەون، زۆر شت کە بە (زانستی ڕاستەقینە) دادەنرا، ئێستا تەنیا وەک ڕەنگدانەوەی ئەو پارچە نارێکوپێکانەی واقیع سەیر دەکرێت کە مرۆڤەکان تێیدا دەژین. هەستێکی بەرفراوان هەیە پێیان وایە کە زاناکان چیتر بەدوای ئەوەدا نین وێنەیەکی تەواو لە واقیع، یان نەخشەیەکی ڕاستەقینەی چارەنووسی مرۆڤایەتی بخەنە ڕوو.

بێجگە لەوەش، زانست بۆ زۆر کەس کەمتر وەک هەوڵێکی داهێنەرانە و گەڕان بەدوای جیهاندا دەردەکەوێت، نەک وەک ماشێنێکی زەبەلاح، کە لەلایەن ئابووریناسان و پیاوە سەربازییەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، لەلایەن میکانیکەکانەوە پاڵ دەنرێت کە نەک هەر زانست وەک ڕێگە و شێوازێکی تایبەت بۆ تێگەیشتن لە جیهان بەرجەستە ناکەن، بەڵکوو تەنانەت بەو شێوەیە سەیری ناکەن، لە هەمان کاتدا ئەو فەیلەسووفانەی کە بە ناوی زانستەوە قسە دەکەن، زۆر جار دەیکەن بە (زانستی) ئەزموونەکەی بە ئەزموونی مرۆڤ دەناسێنن و دەڵێن تەنیا میتۆدی زانستی دەتوانێت کێشەکانی ژیان چارەسەر بکات. هەر لەم سۆنگەیەوە، زۆر لە کەسایەتییە ڕۆشنبیرەکان پێیان وایە کە (زانست) مەسیحێکی درۆینە و ساختەیە، یان لانی کەم ئەوپەڕی توخمێکی گوماناوی شارستانیەتی مۆدێرنە، بەڵام (سی پی سنۆ) پێی وایە دوو جۆر کولتوور هەیە، ئەوانیش زانستی و مرۆڤایەتییە، هەرچەندە کولتووری مرۆڤایەتی، مێژوو و دراما و ژیاننامە و هۆنراوە و چیرۆک دەگرێتەوە، بەڵام جەوهەر و ڕوحی مرۆڤایەتی ئەدەبە. ئەمڕۆ ئەو بۆچوونە بڵاودەبێتەوە کە ئەدەبیاتی جددی لە زۆر ڕووەوە بووەتە جۆرێکی لاوەکی هونەر، ئەگەریش بەم شێوەیە بێت هۆکارێکی تەنیا گەشەی بەرفراوانی جەماوەر و ئامرازەکانی گەیاندن نییە، بەڵکوو مەبەست لە بەرهەمهێنانی ئەدەبی جددی پێوەندی بە خودی تایبەتمەندیی مێژووی هاوچەرخەوە هەیە، لەگەڵ ئەو جۆرە هەستەی کە مرۆڤە بەئاگاکان درکی پێ دەکەن.

لێرەوە دەکرێ پرسیاری چییەتی خەیاڵی ئەدەبی و ڕۆژنامەگەری بکەین، چ کتێبێک، یان وێنەیەک دەتوانێ بەراورد بکرێت، یان کێبڕکێی واقیعی مێژوویی و ڕاستییەکانی ژیانی سیاسی مۆدێرن بکات؟ ئایا وێنەی دۆزەخ دەتوانێت ترسێکی گەورەتر لە شەڕەکانی سەدەی بیستەم بچێنێت؟ چ سەرکۆنە و ئیدانەکردنی دوور لە مۆراڵ، هاوتایە لەگەڵ بێهەستی ئەخلاقی ئەو کەسانەی کە سەرەتاکانی سەرمایە کەڵەکە دەکەن؟ مرۆڤەکان هەوڵ دەدەن بۆ تێگەیشتن لە واقیعی کۆمەڵایەتی و مێژوویی، بەڵام زۆرجار ئامرازی گونجاو بۆ ناسینەوە لە ئەدەبیاتی مۆدێرن نادۆزنەوە. ئەوان تینووی ڕاستییەکانن، بەدوای واتاکانیاندا دەگەڕێن، دەیانەوێت (پانۆرامایەکی فراوان)ی متمانەپێکراویان هەبێت، لەبەرانبەر هەموو ئەو شتانەی کە ڕوودەدەن، تا خۆیان بتوانن لێی تێبگەن، هەروەها بۆ هەست و شێوازە سۆزدارییەکان بەدوای ڕێنمایی بەنرخ و ڕێگەی گونجاودا دەگەڕێن، هەروەها وشەی زمانەوانی بۆ دەربڕینی هاندان بەکاردێنن، بەڵام دۆزینەوەی هەموو ئەمانە لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا ئاسان نییە. ئەوەی گرنگە ئەوە نییە کە ئایا دەکرێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بدۆزرێتەوە کە لە ئەدەبدا پێوەندییان بە زۆر کەسەوە هەیە، بەڵکوو زۆرجار خەڵک نایدۆزنەوە. لەڕابوردوودا نووسەران و ڕەخنەگران و مێژووناسان تێبینییان لەبارەی ئینگلتەرا و گەشتەکانی ئەمریکا دەنووسی. هەوڵیان دەدا بەگشتی لەگەڵ دەرخستنی واتا ئەخلاقییەکان وەسفی کۆمەڵگەکان بکەن. ئەگەر (تۆکفێل و تەین) زیندوو بوونایە ئەوە نەدەبوونە سۆسیۆلۆژیست؟ ئەو پرسیارەیان لە (تەین) کرد، یەکێک لە نووسەرەکان بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە.

سەیری پاشکۆی تایمسی ئەدەبی بکە: تەین پێی وایە کە مرۆڤ هەمیشە ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵگەش گردبوونەوەی کۆمەڵێک گرووپی کۆمەڵایەتییە، دەتوانێ چاودێرێکی ورد بێت بە جۆرێک دەتوانێ توێژەرێکی مەیدانی بێت و ماندوونەناسانە کاربکات، کوالیتی بەنرخی

هەبێت بۆ تێگەیشتن لە پێوەندییەکانی نێوان دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و پێوەندی و بیرکردنەوە دژەکان.

ئەو زۆر حەزی لە ئێستا بوو، بۆ ئەوەی ببێتە مێژوونووس، زۆر تیۆری هەبوو، بۆ ئەوەی خۆی وەک نووسەرێک تاقی بکاتەوە و زۆر گرنگی بە بەرهەمە ئەدەبییەکان دەدا، وەک بەڵگەنامەی کولتووری سەردەمێک، یان وڵاتێک بۆ ئەوەی وەک ڕەخنەگرێک بەدوای ناوبانگدا بگەڕێت، کارەکانی لەسەر ئەدەبیاتی ئینگلیزی کەمتر بوو، زیاتر کارەکانی بۆ ئەخلاق و سایکۆلۆژیەتی کۆمەڵگەی ئینگلیزی وەک ئامرازێک بۆ فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم تەرخان کردبوو. ئەو تیۆردانەرێکی کۆمەڵناسی بوو.

ڕەنگە مانەوەی لەسەدەی نۆزدەدا (تەین) وەک ئەدیبێک، نەک وەک کۆمەڵناسێک پێوەندی بە زاڵبوون و هەژموونی کۆمەڵناسییەوە هەبێت، گەڕانێکی بێوچان و زەحمەتیان بۆ یاساکان کێشاوە، هەروەها ئەو جۆرە یاسایانەی کە تێیاندا لێکۆڵینەوەی بێوچانیان کردووە هاوشێوەی یاساکانی سروشت کە لەلایەن خەڵکەوە گریمانە دەکرا.

لە کۆمەڵگەیەکدا زانستێکی کۆمەڵایەتی گونجاوی تێدا نەبێت، ئەوە ڕۆماننووس و ڕەخنەگر و شانۆنووس و شاعیران دەبنە تاکە خەسڵەت و تایبەتمەندی سەرەکی، هەر ئەوانیش کار لەسەر دەسنیشانکردن و داڕشتنی گرفتە تایبەت و گشتییەکان دەکەن.

هونەر دەربڕی هەستەکانە و بە باشترین وردبینی دەیانخاتە دەرەوە، بەڵام ناتوانێ ئەم دەربڕینە بە ڕوونییەکی فیکرییەوە لە هەستەکان تێبگات، یان دەری ببڕێت و گوزارشتی لێ بکات، هەروەها هونەر هەستەکان لە قاڵب نادات و ناتوانێت بەجۆرێک کێشە کەسی و کۆمەڵایەتییەکان وەک ئەرکێک دەربخات، مرۆڤەکان دەبێ دەستبەجێ چارەسەری بکەن، ئەگەر بیانەوێت بەسەر دڵەڕاوکێ و بێباکیدا بەرانبەر بەو کێشانەی کە لە پشتیانەوەن زاڵ بن. ڕاستییەکەی هونەرمەند بە دەگمەن هەوڵی ئەم کارە دەدات، بێجگە لەوەش هونەرمەندی جددی خۆی ئازار دەچێژێت و مافی خۆیەتی حسێب بۆ هەندێک یارمەتی فیکری و کولتووری لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بکات، کە بە خەیاڵی کۆمەڵناسی گۆش کراوە.

٥

ئامانجی سەرەکیم لە نووسینی ئەم کتێبە ناساندنی واتاو واتاکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە لە بەرانبەر ئەرکەکانی کولتووری هاوچەرخدا. دەمەوێ هەموو تواناییە شاراوەکانم لە پشت گەشەسەندنەکانی خەیاڵی کۆمەڵناسییەوە بخەمە گەڕ، هەروەها هەمدیسان ئامانجم دەرخستنی لێکەوتەکانی ژیانی سیاسی و کولتوورییە. ڕەنگە پێشنیازی هەندێک شتی پێویست بۆ خاوەندارێتی ئەم خەیاڵە بکەم. لەم بارەیەوە بەکورتی دەمەوێ ئێستا سروشتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بەکارهێنانیان لە ئەمریکادا ڕوون بکەمەوە.

من پێویستە لێرە ئاماژە بەوە بکەم کە واتای توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکانم پێ باشترە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، نەک لەبەر ئەوەی کە من حەزم بە زانایانی سروشت نییە (بەڵکوو بەپێچەوانەوە زۆرم خۆش دەوێن)، هەرچەندە وشەی زانست پێگەیەکی مەزنی هەیە، بەڵام بەجۆرێک لە جۆرەکان ورد نییە، پێویستم بەوە نییە کە پێگەی زانستەکە بۆ خۆم ببەم و دەستدرێژی بکەمە سەر ئەو شکۆمەندییەی بە دەستی هێناوە، یان زیاتر واتای وشەی (زانست) کاڵ بکەمەوە، وەک میتافۆرێکی فەلسەفی بەکاری بێنم. هێشتا گومانی ئەوەم هەیە ئەگەر لەبارەی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە بنووسم لەوانەیە خوێنەر وا بیربکاتەوە کە من تەنیا بەرپرسانی

خوێندنی باڵام لە مێشکدا بووە، هەموو ئەوانەی سیستمی پەروەردەیی پێکدەهێنن، من دەمەوێت خۆم لە پێوەندیکردن بە هەموو لێکۆڵینەوە مرۆڤایەتییەکان بەدوور بگرم، بەکارهێنانی زاراوەی زانستە ڕەفتارییەکان ئەستەمە، پێم وایە کە وەک ئامرازێکی پڕوپاگەندەیی بۆ پەیداکردنی پارە داهێنراوە، بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی لە بەڕێوەبەرانی بناغە و کۆنگرێسمانەکان کە (زانستە کۆمەڵایەتییەکان)، یان (سۆسیالیزم)یان تێکەڵ بەیەک کردووە.

بە واتایەکی دیکە گونجاوترین پێناسە مێژوو دەگرێتەوە و (دەروونناسی، تا ئەو جێگەیەی پێوەندی بە بوونی مرۆڤەوە هەیە)، تا دەتوانێت پێویستە لە مشتومڕ دووربێت، بەو واتایەی دەبێت لە ئیستدیلالەکانماندا زاراوە بەکاربهێنین، نەک شەڕیان لەسەر بکەین. ڕەنگە دیسپلینی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ئەو ئاراستەیە بەکار بهێنن، نەک ئەقڵ. ئومێد دەکەم بۆچوونەکەم شوێنی خۆی بگرێ و بە هەڵە شرۆڤە نەکرێ، بۆیە ملکەچی زۆرینە دەبم و زاراوەی (زانستە کۆمەڵایەتییەکان) بەکاردێنم، زانایانی سیاسی ڕەشنووسی کتێبەکەمیان خوێندووەتەوە و پێشنیازی تایتڵی خەیاڵی سیاسییان بۆ کرد، هەروەها ئەنترۆپۆلۆژیستەکان بەهەمان شێوە پێشنیازی خەیاڵی ئەنترۆپۆلۆژییان کرد، بەم شێوەیە، بەڵام ئومێد دەکەم هاوڕێیان بەناوونیشانی (خەیاڵی کۆمەڵناسی) ڕازی بن، ئومێد دەکەم کتێبەکە ڕوون بێت، گرنگ زاراوە نییە گرنگ بیرۆکەکەیە، تەنیا پێشنیازێکی ئەکادیمی ناکەم لەبواری کۆمەڵناسی، بەڵکوو دەربڕی زیاتر لە پسۆڕییەکە، بۆ نموونە لە ئیگلتەرا تا ئێستاش بە جۆرێک لە جۆرەکان کۆمەڵناسی مەعریفەیەکی ئەکادیمی پەراوێزخراوە، بەڵام کۆمەڵناسی لە زۆر لە ڕۆژنامەکان و ڕۆمانە ئینگلیزییەکاندا گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، ئەمەش هاوشێوەی دۆخی فەرەنسایە: نەبوونی سنووری نێوان زانستەکان و بوێری بیرکردنەوەی نووسەران لە دوای جەنگی جیهانی تایبەتمەندیی کۆمەڵناسی و چارەنووسی مرۆڤی ئەم سەردەمە دەرکەوت، بەڵام ئەم ئاراستانە زیاتر ئەدیبان لە بەرانبەر کۆمەڵناسانی پسپۆر هەڵگری بوون. هەرچۆنێک بێت زاراوەی خەیاڵی کۆمەڵناسی بەکاردێنم لەبەر ئەم هۆکارانە، **یەکەم:** هەموو پینەدۆزێک پێی وایە چەرمی پێست باشترینە، منیش باش و خراپ کۆمەڵناسم. **دووەم:** پێم وایە کۆمەڵناسانی کلاسیک زیاد لە هەموو ئەوانی دیکە کوالیتی عەقڵیان لەڕووی مێژووییەوە بۆ چەندان جار نمایشیان کردووە. **سێیەم:** بەنیازم بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە لێکۆڵینەوە لە هەندێک قوتابخانەی کۆمەڵناسی بکەم، پێویستم بە زاراوەیەک هەیە، کە ئاماژە بە هەڵوێستی خۆم بکات، کە بتوانم لەسەر بنەمای ئارگیومێنتەکانم بنیاد بنێم.

بێگومان لەهەر چرکەساتێکی مێژووییدا بێت، زانستە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامی چالاکیی ئەو کەسانە وەردەگرن کە بەڕاستی کۆمەڵناسن و داهێنان دەکەن، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە نییە کە هەموویان خەریکی یەک شتن، ڕاستییەکەی ئەم زانایانە لە بابەتگەلێکی تەواو جیاواز دەکۆڵنەوە. کۆمەڵناسی ئەوەیە کە زانایان لە ڕابوردوودا بەدەستیان هێناوە، هەرچەندە خۆیان لەسەر نەریتی جیاواز بنیاد ناوە.

هیوادارم ڕوون بێت کاتێک قسە لەسەر بەڵێنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین، مەبەستم لەو بەڵێنەیە کە دەیبینم. ئێستا نیگەرانییەکی بەرفراوان لە نێوان زانایانی کۆمەڵایەتییدا هەیە، چی لە ڕووی فیکری و چی لە ڕووی ئەخلاقییەوە، بەهۆی ئەو نادڵنیاییەی کە ئایا لێکۆڵینەوەکانیان بە ئاراستەیەکی دروست دەکرێن، یان نا، هەروەها بەهۆی ئەو نیازە خراپانەی کە دەیورووژێنن کە لەنێو

دۆخی ناجێگیری ژیانی ڕۆشنبیری و فیکری نوێگەرییەوە سەرهەڵدەدات.

ڕەنگە ئەو دۆخە ناهەموارە زیاتر لەنێو کۆمەڵناسەکان بێت، ڕەنگە بەهۆی ئەو بەڵێنە قەبانەی لە بوارەکاندا بوویان لە کارەکانی پێشووتردا، هەروەها سروشتی ئەو بابەتەی کە لەژێر لێکۆڵینەوەدایە و پێویستی بەدەستوبرد هەیە بۆ جێبەجێکردنی شتێک، بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەنووکەییەکانی ئیمڕۆ. ئەم جۆرە نیگەرانی و تەنگژەیە هەموو کەسی تێدا بەشدار نییە و هەستی پێ ناکات، بەڵام هەر ئەو ڕاستییەی کە لەلایەن زۆر کەسەوە پشتگوێ دەخرێت، هێندەی تر نیگەرانی و نائارامی دەکات، بۆ ئەوانەی کە هەست بە بەڵێنەکانیان دەکەن و ئەوەندە ڕاستگۆن دان بە لێکچوونە گوماناوییەکەی زۆربەی هەوڵەکانی ئێستا بنێن.

هیوای زیاتری نیگەرانییەکان دەخوازم بۆ ئەوەی سەرچاوەکەی دەسنیشانکەم و ببێتە هاندەرێک بۆ بەجێهێنانی بەڵێنی کۆمەڵناسی، هەروەها ببێتە بنەمای سەرەتایەکی تازە. بە کورتی بۆ دەرخستنی هەندێ ئەرکی نوێ و ئامرازی بەردەستە، بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوە. لەم دواییانەی کۆتاییدا ئەو چەمکەی کە من وێنام دەکرد، لەبارەی کۆمەڵناسی چەمکێکی باو نەبووە، ئەو چەمکە دژی کۆمەڵناسی وەک کۆمەڵێک ئامرازی بیرۆکراسی وەستایەوە کە ڕێگرن لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان بانگەشەو خۆنمایشێکی (میتۆدگەرایی) دەکەن، لەکاتێکدا پڕیان کردووە لە تەمومژی و نادیاری، هەروەها خۆی بچووک کردووەتەوە لە هەندێک گرفت و کێشەی پووچ کە هیچ پێوەندی بە پرسی گشتییەوە نییە، ئەم جۆرە تەگەرە و نادیاری و پووچییە، ئێستا بووەتە هۆی دروستکردنی قەیرانێک لە نێو توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژە و ڕێگەیەک بۆ دەرچوون لەم قەیرانە هەبێ. هەندێک لە کۆمەڵناسەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە پێویستمان بەهەندێک تیمی هونەری هەیە بۆ توێژینەوە، هەندێک جەخت لەسەر پێشینەکانی تاک دەکەنەوە، هەندێکی دی تواناییەکی زۆر دەخەنە گەڕ بۆ پێداچوونەوەی ڕێباز و ئامرازەکانی توێژینەوە، ئەوانی دیکە پێیان وایە، کە ئەو ڕێگە زانستییەی بیرمەندە شارەزاکان لەسەری دەڕۆن کەنارگیرکراوە و پێویستە سەرلەنوێ بایەخی پێ بدرێتەوە و بەهەند وەربگیرێتەوە.

هەندێک کۆمەڵناس کارەکانیان بەپێی کۆمەڵێک ئامراز و تەکنیکی جێگیر و نەگۆڕ ئیدارە دەدەن، هەندێکی دیکە هەوڵ دەدەن گەشە بە هاندان و بەکارهێنانی خەیاڵی کۆمەڵناسی بدەن، لەکاتێکدا هەندێ کۆمەڵناسی دیکە ئەوپەڕی (ڕاهاتوون بە تیۆری فۆرمالیزم، چەمکەکان لەنێو یەکتر کۆدەکەنەوە و لێک جیادەکەنەوە هەندێکی دی سەرنجڕاکێشە، هەندێکی تریش لە بەرانبەردا پەرەپێدانی زاراوەکان تەنیا کاتێک تەرخان دەکەن، کە بە ڕوونی بزانن سنووری زانین و تێگەیشتن لە بابەتی لێکۆڵینەوە فراوانتر دەکەن. هەندێکیان خۆیان لە لێکۆڵینەوە لە کایە بچووکەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا سنووردار دەکەن، هەمدیسان هەندێ کۆمەڵناسی دیکە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری بەتەواوی فەرامۆش دەکەن، تەنیا کار لەسەر کۆمەڵگەی خۆماڵی بچووک دەکەن، بەپێچەوانەوەش هەر ڕاستە هەندێ کۆمەڵناسی تر بەتەواوی پشت بە ڕێبازی بەراوردکاری دەبەستن، کاتێک لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نەتەوەیی لەجیهاندا دەکەن، هەندێک توێژەری دی توێژینەوەکانیان بەشێوەی زنجیرە یەک لە دوای یەکەکانی کاروباری مرۆڤایەتی ورد و کورت دەکەنەوە. هەندێکی تر گرنگی بە هەندێک پرس دەدەن ڕەنگە تەنیا لەڕوانگەی مێژووییەوە دەرکەوێت. هەندێک کۆمەڵناسی دی کارەکانیان

بەپێی بەشە ئەکادیمییەکانیان تەرخان دەکەن. ئەوانی دیکە پشت بە هەموو بەشەکان دەبەستن، لەکاتێکدا هەندێکی دی کارەکانیان بەپێی بابەت و کێشە تەرخان دەکەن، بەبێ گوێدانە پێگەی ئەکادیمی، دواجار هەندێک کۆمەڵناسی دیکە ڕاستییە جۆراوجۆرەکانی مێژوو و ژیاننامەی کەسی و تەواوی کۆمەڵگەکان بەراورد دەکەن و بایەخیان پێ دەدەن، هەندێکی دیکەش ئەم کارانە ناکەن.

ئەم جۆرە هاودژانە و هاوشێوەکانیان وەک پێویست نابنە جێگرەوەیەکی ڕاست و گونجاو، هەرچەندە لە گەرمەی شەڕەکانی پشت پەردە و بێهێزی تایبەتمەندی تەنبەڵەکان زۆرجار بە هەڵە، بە پێچەوانەی ڕاستەقینە دەزانرێن. لەم سۆنگەیەوە دەخوازم بۆچوونەکانم بەڕوونی و بابەتیانە دەربڕم، چونکە پێم وایە حوکم و بڕیارەکان پێویستە ڕوون و ئاشکرا بن، بەڵام هەمدیسان هەوڵ دەدەم بەبێ گوێدانە حوکم و بڕیارەکان گرنگی کولتووری و سیاسی دەرخەم و جێگیر بکەم. بێگومان ئاراستە و بژاردەکانم بە ئەندازەی ئەوەی کە دەمەوێ ڕەخنەیان لێ بگرم بابەتین.

با ئەوەی هاوبەشی لایەنگرییەکانی من نییە، بە شێوەیەکی بابەتیانە ڕەتیان بکاتەوە، وەک ئەوەی من دەمەوێ بیکەم، لایەنگرییەکانی خۆی دەربڕێت و قبووڵی بکات. بەم شێوەیە کێشەی ئەخلاقی تایبەت بە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان و کێشەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە کێشەی کۆمەڵناسی و پرسی گشتی کۆمەڵگە، دواتر دەناسرێنەوە، هەروەها دەرفەتێک بۆ گفتوگۆکردن دەڕەخسێنێت، ئەمەش لە بەرزبوونەوەی خود هۆشیاری بەشدار دەبێت کە پێشمەرجێکی پێویستە بۆ بابەتیبوونی زانستی کۆمەڵایەتی، وەک دیسیپلینێکی زانستی. بە کورتی باوەڕم وایە کە ئەوەی پێی دەگوترێت شیکاری کلاسیکی کۆمەڵایەتی ناسێنراوە و وەک کۆمەڵێک ترادیشن و نەریت بەکارهێنراوە. خەسڵەتی سەرەکی ئەمەش گرنگیدانی مێژوویی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە، هەروەها خودی کێشەکان پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە پرسە گشتییەکان و گرفتە هەنووکەییەکانی مرۆڤەوە هەیە. وای دەبینم کۆسپ و تەگەرەی گەورە هەن لە هەمبەر بەردەوامبوونی ئەو نەریتانە لەنێو هەریەک لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و دۆخی ئەکادیمی و سیاسیدا، بەڵام ئەم نەریتانە کوالیتییەکی عەقڵییان وەرگرتووە، بوونەتە خاڵی هاوبەشی ژیانی کولتووری بە گشتی.

سەرباری گەمارۆدانی بە نادیاری و سەرلێشێواوی، کەچی خەڵک هەست بە پێویستی ئەو نەریتانە دەکەن. زۆر لەو کۆمەڵناسانەی کە کاری مەیدانی دەکەن، بەتایبەتی لە ئەمریکا، پێدەچێت خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بەرەنگارییانە لادەن، کە تووشی دەبن، تەنانەت زۆر دەستبەرداری شیکاری ئەرکە فیکری و سیاسییەکان بوون، ئەوانی دیکە لەم ئاستەدا نەبوون سەرباری خۆ ڕووپۆش کردنیان، کەچی کارامەیی ئەوەیان تێدا نەبوو. هەندێکی تریان بە ئەنقەست فێڵە کۆنەکانیان دێننە ئاراوە و خۆیان دەشارنەوە و پاساوی تازە دادەهێنن، سەرباری ئەو دوودڵییە سەرنجی ڕۆشنبیران و خەڵکی زیاتر بایەخ بە فرەچەشنی جیهانە کۆمەڵایەتییەکان دەدرێت، کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکەن، بە جۆرێک مرۆڤ ناتوانێت خۆی بپارێزێت و ڕازی نەبێت ،چونکە دەرفەتێکی ناوازەیان لە بەردەمدایە بۆ دۆزینەوەی شتە نوێیەکان. لە کاتی بەدیهاتنی ئەم دەرفەتەدا ئامانجی فیکری زانستە کۆمەڵایەتییەکان و گرنگی کولتووری خەیاڵی کۆمەڵناسی و گرنگی سیاسی لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی ئاشکرا دەبێت.

## ٦

تاڕادەیەک جێگەی شەرمەزارییە بۆ من وەک کۆمەڵناسێک، کە بزانم هەموو ئەو ڕەوتە فیکرییە بەدناوانە (ڕەنگە بێجگە لە تاکە ڕیزپەڕییەک) بە زۆری وەک (کایەکانی کۆمەڵناسی) پۆلێن دەکرێن، کە بە نیازم لە بەشەکانی داهاتوودا

به شێوەیەکی ڕەخنەگرانە لێیان بکۆڵمەوە، هەرچەندە دەستبەرداربوون لە نیگەرانییە سیاسی و کولتوورییەکان بە شاراوەیی، بە دڵنیاییەوە لە کاری زانستی ڕۆژانەی نوێنەرانی کۆمەڵایەتی دیکەدا هەیە.

زانستە سیاسی و ئابووری و ئەنترۆپۆلۆژییەکان هەرچییەک بن، بەڵام لە ئەمریکا کۆمەڵناسی لەنێو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەتەوەری سەرەکی بیرکردنەوە و ڕامان دادەنرێت. ئەوە کۆمەڵناسەکانن سەرقاڵی پەرەپێدانی شێوازەکانی لێکۆڵینەوەن و ئەوە ئەوانن کە زیندووترین ئارەزووی (تیۆری باڵا) نیشان دەدەن. هەمەچەشنی ڕەوتە فیکرییەکان کە بەشدارییان لە گەشەسەندنی نەریتی کۆمەڵناسیدا کردووە، بە ڕاستی جێگەی سەرنجە. لێکدانەوەی ئەم هەمەجۆرییە، وەک یەک نەریت، خۆی لە خۆیدا خۆبەزلزانینە. ڕەنگە زۆر کەس هاوڕابن لەسەر ئەوەی کە هەموو ئەو کارانەی ئەمڕۆ کۆمەڵناسەکان دەیکەن، کەم تا زۆر، لە یەکێک لەم سێ ئاراستەیەدا جێیان دەبێتەوە، هەریەک لەم ئاراستانە ڕووبەڕووی شێواندن و بنبەست دەبنەوە.

**ئاراستەی یەکەم:** بەرەو تێگەیشتن لە تیۆریی مێژوو. بۆ نموونە لای هەریەک لە (ئۆگست کۆمت و مارکس و ڤیبەر) کۆمەڵناسی هەوڵێکە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئینسکلۆپیدی تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بگرێتەوە، لەهەمان کاتدا دیسیپلینێکی مێژوویی و سیستماتیکە، مێژوویی بەو واتایەی لە ڕاستییەکانی ڕابوردوو دەکۆڵێتەوە و بەکاری دەهێنێت، هەروەها سیستماتیکە، چونکە بە لێکۆڵینەوە لە مێژوو، هەوڵدەدات (قۆناغەکانی) پرۆسەی مێژوویی و دیاردە دووبارەبووەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەستنیشان بکات.

تیۆری پرۆسەی مێژوویی دەتوانرێت بە ئاسانی بشێوێنرێت بە جۆرێک لە چاکەتێکی تەسک دەچێت بۆ تێپەڕینی مێژوو کە تێیدا هەم زانیاری لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی دەسەپێنێت، هەم تێڕوانینی پێشبینی کراو بۆ داهاتوو دێنێت. زۆر جار (پێشبینییەکان تاریک و خەم هێنن) بەرهەمەکانی (ئارنۆڵد تۆینبی و ئۆسڤالد سپێنگلەر) نموونەی ناسراوی ئەمەن.

**ئاراستەی دووەم:** بەرەو تیۆرێکی سیستماتیکی (سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگە) بۆ نموونە، سەرەتا لە بەرهەمەکانی فۆرمالیستەکان، بەتایبەتی (جۆرج سیمێل و ئێل ڤۆن ویس) کۆمەڵناسی دەستی کرد بە پەرەپێدانی چەمکگەلێک کە بە یارمەتی ئەو چەمکانە دەتوانرێت هەموو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پۆلێن بکرێن و بچنە ناو جەوهەری تایبەتمەندییە گوماناوییە نەگۆڕەکانیانەوە. بە کورتی ئەم ئاراستەیە لە ئاستێکی بەرزی گشتاندندا بە بیرۆکەیەکی ئیستێتیک و ئەبستراکت لەنێو پێکهاتەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندە. لەم سۆنگەیەوە ڕەتکردنەوەی مێژوو دەکرێت وەک کاردانەوەیەک بێت لە بەرانبەر ئەو شێواندنانەی ئاراستەی یەکەم دەیکەن، بەڵام تیۆری سیستماتیک دەربارەی مرۆڤ و کۆمەڵگە زۆر بە ئاسانی دەگۆڕێن بۆ فۆرمالیزمێکی نەزۆک و ئاڵۆز، کە تێیدا سەرنجی جددی لەسەر زۆربوونی چەمکەکان و دەستکاریکردنی بێکۆتایان دەدرێت.

من ناو لەلایەنگرانی ئەو ئاراستەیە دەنێم (تیۆری باڵا) لە بنەڕەتدا چەمکەکان جێگەی واقیع دەگرنەوە. بەرهەمەکانی (تالکۆت پارسۆنس) تایبەتمەندترین نموونەی تیۆرێکی سیستماتیکە لە کۆمەڵناسی مۆدێرنی ئەمریکیدا.

**ئاراستەی سێیەم:** لێکۆڵینەوەی ئەزموونگەرییە لە ڕاستی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان. سەرەڕای ئەوەی کە تا نزیکەی ساڵی ١٩١٤ پایەکانی زانستی کۆمەڵایەتی ئەمریکی (ئۆگست کۆمت و سپێنسەر بوون) لەگەڵ کاریگەریی بەهێزی

نەریتــی تیــۆری ئەڵمانــی، بــەڵام لێکۆڵینــەوە ئەزموونییــەکان هــەر زوو لــە ئەمریــکا شــوێنی خۆیـان گـرت و بوونـە پێشـەنگ، ئەمـەش بەشـێکی دەرئەنجامــی بەدامەزراوەییکردنــی ئەکادیمــی پێشــووتری ئابــووری و زانســتی سیاســی بــوو، لێــرەوە ئەوەنــدەی کۆمەڵناســی وەک توێژینــەوە لــە هەندێــک کایــە تایبەتییەکانــی کۆمەڵگــە دەناسـێرێت، کـە بەهۆیـەوە بووەتە پیشـەیەکی نامۆ و گاڵتەجاڕ لەنێـو زانسـتە کۆمەڵایەتیەکانـدا، لـەم بارەیـەوە کۆمەڵناسـی تێکەڵەیەکـی هەمەچەشـنی پاشـماوە ئەکادیمییـەکان لەخۆدەگرێت. بۆ نموونـە توێژینـەوە لەبـارەی شـار و خێـزان، یـان لەبـارەی پێوەندیـە ڕەگـەزی و ئیتیکییـەکان (گرووپـە بچووکـەکان) هەیـە، دواتـر بەرەنجامـی ئـەم هەمـوو تێکەڵییـە پـەرەی سـەند و بـووە سـتایلی تایبەتـی بیرکردنـەوە، کـە مـن نـاوی لـێ دەنێـم (لیبراڵیەتـی جێبەجێکـردن). لێکۆڵینـەوە لـە ڕاسـتییە تازەکان و دۆخـی ئێسـتا بـە ئاسـانی دەتوانـن ببنـە کۆمەڵێـک زنجیـرەی بەیەکـەوە نەبەسـتراو و لاواز و بـێ بایـەخ لـە بەرانبـەر دۆخـی ناوخۆیی، بـۆ نموونـە زۆر لـە خولـەکان، ڕێنماییـەکان لـە ئەمریـکا ئـەو ڕاسـتییە نیشـان دەدەن، ڕەنگـە باشـترین نموونـە بـۆ ڕوونکردنـەوەی ئەمـە کتێبـی هەڵوەشـانەوەی کۆمەڵایەتـی بێـت. لـە هەمـان کاتـدا کۆمەڵناسـەکان دەیانەوێـت لـە میتۆدەکانـی لێکۆڵینەوە پسـپۆڕ بن، ئـاگاداری هەمـوو ئـەو شـتانەبن کـە لـە کۆمەڵگـەدا ڕوودەدەن، هــەر ئەوانــن کــە وایــان کــردووە میتۆدەکانیـان بـۆ ئاسـتی میتۆدۆلـۆژی بەرزبێتـەوە. زۆر لـە بەرهەمەکانـی (جـۆرج لوندبێـرگ، سـامۆێل سـتاوفەر، سـتیوارت دۆد، پـاوڵ لازار سـفێڵد) نموونـەی ئـەم ڕەوتـەن، هەرچەنـدە ئـەم سـێ ئاراسـتە و ڕەوتـە لەگـەڵ یەکتـر دوورن، بـەڵام پێکـەوە کاردەکـەن و لەگـەڵ یەکتـر دەگونجێـن و ڕێبـازی کارکردنیـان جێگیـر کـردووە.

دەتوانرێـت تایبەتمەندییەکانـی دۆخـی ئێسـتای کۆمەڵناسـی وەک دەرئەنجامـی شـێواندنی یەکێـک، یـان زیاتـر لـە ڕەوتـە نەریتییـە ڕیزبەندییـەکان لێک بدرێتـەوە، بـەڵام ئـەو ڕاسـتییەی کە هیـوای گەورە لەسـەر لێکۆڵینـەوەی کۆمەڵناسـی هەڵدەچنرێـت، دەتوانرێـت هاوتەریـب لەگـەڵ ئـەو ڕەوتانـەی کـە پێشـتر باسـمان کـردن، ڕوون بکرێنـەوە. ئێسـتا لـە ئەمریکا شـتێک وەک تێکەڵەیەکـی هێلینیسـتی لــە توخــم و ئامانجــە نایەکســانەکان کــە لــە کۆمەڵناسـی کۆمەڵگـە جۆراوجۆرەکانـی ڕۆژئـاوا وەرگیـراون، ڕوودەدات. ڕەنگـە لەنێـو زۆری و بـۆری ئـەم توێژینەوانـەی کۆمەڵناسـی مەترسـی لای زانسـتە کۆمەڵایەتییەکانـی دیکـە دروسـت بـکات و تووشـی بێـزاری و بێتاقەتییەکـی زۆریـان بـکات، هەروەهـا کۆمەڵناسـانیش لـە بەجێهێنانـی توێژینەوەکانیـان پەلـە دەکـەن، تەنانـەت وایـان لێ دێـت بابەتـی گرنـگ و بەنـرخ پێشـکەش نەکـەن.

سـەرباری هەمـوو ئەمانـەش هێشـتا دەرفـەت لەبـارە، هەرچەنـدە ئەسـتەمە بـە تەنیا وشـەیەک باسـی هەمـوو ئـەو شـتانە بکەیـن کـە کۆمەڵناسـی کلاسـیکی لـە بـواری لێکۆڵینـەوەدا پێشکەشـی کردوویـن، بـەڵام کۆمەڵناسـی میراتێکـی باشـی هەیـە نوێنەرایەتـی ئاسـۆی گەشەسـەندنی زیاتـری زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان دەکات بـە گشـتی و هەندێـک لـەو دەسـتکەوتانەی کـە پێشـتر بەدەسـت هێنـراون. هـەر زانایـەک بـە بەخشـندەیی زانسـتەکەی بەباشـی لـە ئەسـتۆ گرتبێت، پاداشـت دەدرێتـەوە، هەروەهـا شـارەزابوون لـەم زانسـتە یارمەتیـدەر دەبێـت بـۆ کارکـردن بەڕێنمایـی نـوێ لـە بـواری زانسـتە کۆمەڵایەتییەکانـدا.

**سەرچاوە:**

c. wright mills, the sociological imagination, oxford university press, 2000, p 3-24